بارزانی فەرمانی کرد سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە کوردستان ڕابگەیەندرێت

سەرۆکوەزیرانی کاربەڕێکەر، مەسرور بارزانی فەرمانی کرد سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە هەرێمی کوردستان ڕابگەیەندرێت.

پێشەوا هەورامانی، وتەبێژی حکومەتی هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند، کە وەک هاوخەمی و ڕێز لە ڕۆحی قوربانییانی ڕووداوەکەی حەمدانییە، سەرۆکوەزیران مەسرور بارزانی فەرمانی کرد سێ ڕۆژ ماتەمینی گشتی لە هەرێمی کوردستان ڕابگەیەندرێت.

لەگەڵ بڵاوبوونەوەی هەواڵی ئەم ڕووداوەش، فەرمانی کردووە تیمەکانی تەندروستی و فریاگوزاری، بەدەم قوربانییانەوە بچن و دەرگای نەخۆشخانەکانی کوردستان بەڕووی بریندارەکان بکرێتەوە بۆ چارەسەری پێویستییان.